# عقدی كار ( قەرار دادی كار )

## ئاسۆ حامدی

لە كوردستاندا رشتەكانی كریكاری تا ئیستا ئەو ئازادیانەیان بو بە دەست نەهاتووە، تا بە ریكخراوەو رابەرانی خویان مفاوەزات لەسەر داخوازی و داواكاریەكانیان بكەن.
لیرەدا دەمانەوی باس لەسەرخەتی عقدی كار بكەین كە خودی كریكارانی رشتە جوراوجورەكان كار دەكەن دەتوانن عقدی كاری مناسب بە خویان بنوسن. لەگەل ئەوەی كە لە گشت دا عقدی كار لە هەموو رشتەكاندا هەمان بنەمایان هەیە بەلام لە تایبەتدا هەر كارگە و دامودەزگایی ئەوە تایبەتمەندی خویان هەیە و دەبی لە عقدی كاردا دیاری بكریت.

سەرەتا عقدی كار بو چی؟ و عقدی كار چیە؟
عقدی كار رێكەوتنیكی كاتیە لە نیوان خاوەنكارو كریكاردا ( هیز كڕ و هیز فرۆش دا). كە هەردووكیان لە كوردستان خاوەن ریكخراوی خۆیان نین. خاوەنكاران دەولەتیان هەیە.بەلام وەک ریكخراوەیەكی سەربەخۆی خاوەنكاران وجودی فعلیان نیە. كە لە واقع دا ئەمەش ناكامی كۆمەلگایەكی شارستانی دەگەیەنێ...
عقدی كار رێكەوتنیكی كاتی یەو بۆماوەیەكی دیاریكراو لەسەر چەند بەندیكی ئەساسی لە نێوان ریكخراوەی خاوەنكار(یان خاوەنكار)و رێكخراوەی كریكاراندا جا لە هەر شوینیك و ڕشتەیەكی كاركردندا بێت. یاسایی بوونەوەو بەیاسای ناساندنی عقدی كار كاریكی ئەساسیە لە هەموو كاتیكدا كە ئەمەش شەرعیەتی دادگایی و ئیلتیزامی هەموو لایەک بۆ عقدی كار ڕادەگەیەنێ.
ڕیكخراوە كریكاریەكان هەردەم لە هەوڵی جدی دان بۆ بە یاسای كردنەوەی خالەكانی قەرار داد لە كارخانە و دام ودەزگاكانی دەولەتدا. بۆ رێكخراوەكانی خاوەنكاران و دەولەت ئەم مەسەلەیە ئەوەندە گرنگ نیەو هەردەم هەولی ئەوەدەدەن كەوا هەموو شتێ زۆر باش دەچیتە ریوە و هیچ نیگەرانی ناوێ.بەلام رێكخراوەكانی كریكاران ئەوان شارەزایی زۆریان هەیەو هەردەم دوودلن لە بریارەكانی خاوەنكاراندا.
عقدی كار ڕێگا بە فرۆشتنی بەردەوام و بێ پایان دەگرێ، بەلكو دەروازە لەبەردەم فرۆشتنی هیزی كار بە لەسەرەخۆ و بە (قسط) دەكاتەوە و بەربەستی هێرشی وەحشیانەی خاوەنكاران دەگرێ.هەروەها چاككردنی وەزعیەتی فرۆشتن و كرین دەكات و بەردەوامی بە فرۆشتنی هیزی كارو زامنی پێگەیاندنی نەوەكانیان دەدا. بە كورتی عقدی كار ئەم رێكخەرە گرنگەیە كەوا گیانی ئینسانەكان دەپاریزێت و بەردەوامی بە نەوەكانی چینی كریكار دەدات.لەگەل ئەوەش زۆر جۆر لە عقد هەیە و كێشمەكێشە چینایەتیەكان ئەنجامەكانی دیاری دەكەن.بەلام ئەم ریفۆرمە لە ژیان و گوزەرانی كریكاران مەسەلەیەكی حەیاتیە.
هیچ كڕیارو فرۆشیاریكی بەردەوام بە بێ عقد مامەلە لەگەل یەكدا ناكەن. لە رژیمی كۆمەلایەتی سەرمایەداری ئەمرۆ هیزی مرۆڤ ئەو كالا هەرزانەیە، تەنانەت لە زۆر كات و شوێندا بە هەرزانترین نرخ ناشی كرین ( بیكاری گیانی مرۆڤ بە هێواشی دەكێشێ). ئەو كات عقدی كار زەنگی خۆی لیدەدا.

لە وولاتە ئەوروپاییەکان ئیتحادیە کریکاریەکان و ریکخراوەکانی خاوەنکاران و دەولەت بەردەوام لە مفاوەزات دان بۆ چەسپاند و بەرێوەبردنی کار لە عقدی کاریکی مناسبدا کە هەردەم هەردوو لا رازی بکات. لە واقع دا تا نەمانی عقدی کار کریکار وەک چین هەر سەرکەوتوو نیە، ئەوەی ئەمرۆ خۆ ئامادەکردنە بە لەسەرخۆ بۆ نەمانی عقدی کار..بەڵام تا ئەو ڕۆژەدێ ئەوە رێکخراوەکریکاریەکان لە مامەڵە و مفاوەزات دان بۆ بە جی هینانی وەزعیکی مناسب و شایستە بۆ چینەکەیان.

لە وولاتانی سەرمایەداری دا تەنانەت عقدی کار بۆتە مەیدانیکی ئەکادیمی و سالانە بەدەیان کەسی پسپۆر قەلەمی بۆ ووشک دەکاتەوە.

بەلام لەلای کریکاران دەورانێ لە خەباتی چینایەتی ساڵانەیە بۆ زیادبوونی کرێ و چاککردنی وەزعیەت و شەرایتی کار.

گرنگترین سەرخەتی مەسەلە سەرەکیەکانی عقد کارێک بریتین لە:

1. دیاری کردنی کاتی کار (ئەم کاتە هەفتانە دیاری دەکریت.بە گویرەی کارخانە و دام و دەزگاکان دەگۆڕین.)

2. دیاریکردنی کرێی کریکاران بە گویرەی تایبەتمەندیەکانیان و چوونە سەری ڕێژەی سالانەیان..

3. دیاریکردنی کاتەکانی پشووی ساڵانە بە گوێرەی تەمەنی کارکردنی کریکاران دەچیێتە سەر..

4. خوێندن و گەشەدان بە ئاستی هۆشیاری کریکاران لە مەیدانی کاری خۆیان و یان دیاریکردنی خویندنی تر تا بتوانن لە ئایندەدا کاری تر بۆ خۆیان لە نێو کارخانە یان دام و دەزگاکاندا بدۆزنەوە.ئەمەش بە شیکە لە چوونە سەری ژیان و گوزەرانیان و جوونە سەری پیشەکانیان.

5.دیاریکردنی کاتی سەرەتاو کۆتایی عقدی کار.( یانی تا کەی عقد کار لە یاسادا کاری پێدەکرێ). و کەی دەبێ مفاوەزات لەسەر عقدی نوێ بکرێت. ئەمە زۆر کات سالانەیە بەلام دەکرێ ماوەکەی درێژتر بکریتەوە.

6. وەزعیەتی هاتوو چۆ ی کریکاران بۆ سەر کار.

7. مەسەلەی خانەنشین و تەمەنی کارکردن.

8. مەسەلەکانی نەخۆشی و وەزعیەتی تەندروستی کریکاران و کارخانەکان.

9. .........

10..........

بە دەیان مەسایلی تر کەوا کریکاران بە گرنگی دەزانن، ئەم خالانە تەنها بۆ نموونە هیناو مەتەوە.

بە کورتی دەکرێ لە عقدی کاردا هەموو شتێ کە وا کریکاران بەگرنگی دەزانن فۆرمۆل بەندی بکەن و پێ لەسەردابگرن.

خاوەنکاران و ریکخراوەکانیان هەردەم لە یەکەم دانیشتندا دەلێن ئەمە زۆر زۆرەو بە ئیمە جێ بەجێ ناکرێ..بەلام ئەگەر کریکاران هەر بەردەوام بوون لە سەر داواکاریەکانیان و لە دوا مەنزلدا هەڕەشەی مانگرتن و ئیعترازیان کرد لە ئایندەدا ئەوکات مەسەلەکان جۆرێکی ترە..

لەکاتی مفاوەزاتی عقد کار دا لە کۆمپانیایەکدا ، بەرێوەبەری کارخانە ووتبووی ئای چەند سەر رەحەت دەبووم ئەگەر بەرێوەبەری کارخانەیەکی بێ کریکار بوومایە، ووتبووی ئەگەر یەک کریکارت هەبێ دە مشکلەت هەیە، هەر وەزعی خۆی نیە بەلکو وەزعیەتی کۆمەلایەتییەکەشی دەبێ گفتوگۆی لەسەر بکەم..ئەمەیە کاریگەری عقدی کار یانی هەر وەزعی کریکار نیە بەلکو وەزعیەتی کۆمەلایەتیشی دەبێ رێکبخا و چاککتر بکات.

لەگەڵ ئەوەش دەبی روون بێ بە عقدی کار شۆرش ناکرێ بەلام سەرەتای چاککردنی وەزعیەتی مەوجودە تا لە باشترین حالەت کە لە عەمەلدا ئیمکانی هەیە. خۆ تەنها ڕێژەی قازانجی سەرمایە لە 100% بۆ کەمتر دادەبەزێنێ ، خۆ ئەم بەرێزانە هیچ ووزەیان بۆ سەرف نەکردووە تا بڵێن 100% نەبێ نامەنەوێ، خۆ تەنها خاوەنی هۆیەکانی بەرهەمهینانن و بەس...

مۆدیلی سادەی مامەڵە کردن لە سەر عقدی کار

لەم هیلکاریە سادەیەدا کریکاران و ریکخراوەکانیان دەبێ شارەزایی تەواویان هەبێ لە سەر وەزعیەتی کارو چارەنووسی کارکردنیان. هەردەم هەبی هەوڵ بدەن کەوا لە گەڵ خۆیاندا لە گفتوگۆدابن بۆ بەدەستهینانی داواکاریەکانیان و بەیاسای بوونەوەیان.گرنگترین مەسەلە لیرەدا دینامیکیەتی پەیوەندی ریکخراوە کریکاریەکانە لە گەل کریکاراندا و لە مفاوەزات هەردەم دەبێ بڵێن: دوای وەلامتان دەدەینەوە چونکە دەبێ بە کریکاران رابگەیەنم ئایا رازین یان نا، ئەمە هیزی کۆمەلایەتی کریکارانە لە مفاوەزات بۆ عقدی کاریکی باش.

لیرەدا داواکارم لە خوینەرانی دەنگەکان ئەوانەی کە کار لە نێو ڕێکخراوە کریکاریەکانی ئەوروپا دەکەن ،ئەوا عقدی کاری ڕشتەکەیان وەربگێرنە سەر زمانی کوردی تا کریکارانی کوردستان شارەزاییان لە نووسینی عقدی کار هەبێت.
من لەلای خۆمەوە هەوڵدەدەم لە فرسەتی مناسبدا سەرخەتی گشتی تەواوی عقدی کاری کریکارانی هیندێ ڕشتەی جۆراوجۆر لە هۆلەندیەوە بکەمە کوردی..

کریکارانی کوردستان و ڕێکخراوەکانیان دەبێ پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ یەکدا هەبێ و ببنە جێگای متمانەی یەکتر. ئەمەش تەنها لە پراکتیکدا بەدەست دێ..
هەموو سەرەتایێ زەحمەتە، بەلام بوونی سەندیکا و ڕێکخراوە کریکاریەکان بە سەنتەری ئیعترازو چاککردنی کۆمەلگا ئەرکی هەموو لایەکە چ ئەوانەی ئەندامن لە ئەحزابی حاکم یان لە ئۆپۆزیسیۆندان هیچ جیاوازی نیە، چونکە داواکاریەکان کە چاککردنی کۆمەلگایە داواکاری هەمووانە.پێش ئەویش دەبێ ریکخراوەکان سەنتەری خۆیان هەبێ یانی فدراسیۆنی سەراسەری ریکخراوە کریکاریەکان لە کوردستان..


کارگە
ڕێکخراوی خاوەنکاران ، دەولەت
ڕێکخراوی کریکاران
زانیاریەکانی وەزعیەتی کار و گوزەران
خستنە رووی داواکاریەکان
مفاوەزات
تەسبیت کردنی عقد کار